# زامەکان

ڕەسووڵی سەفەریانی
safaryani@yahoo.se

دەمێ ساڵە
شان بە شانت هەنگاو ئەنێم
قووی سەرم بێ تای سەرت
هەڵنانیشێ لە گۆلاوی نەرمی سەرین
کە ئەتگوشم بەخۆمەوە
دوو جووت مۆمی چاوەکانمان
هەر بەفویێک دەکوژێتەوە و
بەرووباری ڕەشی شەودا ئەخوشێینەوە
بەرەو دەریای ڕونی بەیان
کاتێ پەنجە نەرمەکانت
ئەخەیتە نێو قژی هەستم
خوێنێ ئەهوەن بەسەرتاپێی عەسەبما دێ و
بازەحەوای خەیاڵم بۆ هەڵئەدەیت و
دەستی حەزم ئەنێیتە سەر
دڵی هەموو ئاواتەکان.
خۆشم ئەوێی
گوێ ڕایەڵی و شارەزایشی بە ڕێگە وبان
دوو شاباڵی نادیاری
بەبەردەمی هەموو چاوە داچەقاوە دڕەکاندا
ئەمبەیتەوە هێلانەکەم
ماڵ بەماڵی ئەپشکێنم
بەدوای مازوی تاسەی خۆما
ئەبمە دەنگی سیسرکێک و
بەقەڵەشی درگاکانا
ئەچمە ژووری جێ تاسەکان
تینوێکی خەو لێکەوتوم
سەد پەرداخی دیداریانم خواردوەتەوە و
یەک دڵۆپیش لە وشکایی تاسەیانم پێ نەشکاوە
کام برینتان بۆ باس بکەم ؟
سەری کام زام هەڵدەمەوە ؟
جێگەی شووشی ئەو قامچیانەی
وا نینۆکی پێ دان ئەکەن
یاخۆ زامی ئەو وێنانەی
تارای سووریان پیادراوە و
بەدیواری بیرەوەری شارەکانا هەڵواسراون
کام برینتان بۆ باس بکەم

**که تەنیایی**
**رۆژێ سەد جار لە بەردەمما نەیکاتەوە**
**ئەمباتە ژێر بەرزترین داری خۆزگە و**
**لەسەر رانی بیرەوەری ئەمکاتە خەو**
**خۆشم ئەوێ**
**تەنیاییم و**
**بیرەوەری و**
**تاسەکانم**